# میکانیزمەکانی دەستنیشانکردنی کاندید لە لایەن قەوراە سیاسیەکانەوە ئاستەنگ و چارەسەرەکان

د. ئارام نجم الـدين عبدالغفور[1] م. هاوار محمد يوسف[2]
[1] بەشی كارگێڕی یاسا/ كۆلێژی كارگێڕی و ئابوری / زانكۆی لوبنانی فەرەنسی
[2] بەشی كارگێڕی یاسا/ كۆلێژی كارگێڕی و ئابوری / زانكۆی لوبنانی فەرەنسی

**پوختە**

پرسی دیاریکردنی کاندید لـە لایەن قەوارە سیاسیەکان بە یەکێك لـە گرنگترین و هەستیارترین پرسەکانی پەیوەست بە پرۆسەکانی هەڵبژاردن دادەنرێت، بەڵام گرنگی دان بەم پرسە لـە لایەن قەوارە سیاسیەکانەوە وەك پێویست نەبووە و زیاتر ڕەچاوی ئەو مەج و ڕێنمایانە دەکەن کە لـە یاسا بەرکارەکان هاتوون، بۆیە قەوارە سیاسیەکان تاکو ئێستا نەیانتوانیوە لـە هەرێمی کوردستان سیستەمێکی سەردەمی دابنێن تاکو بە گوێرەیەوە کاندیدەکانیان دیاریبەکەن بۆ ئەوەی لـە سەرێکەوە خودی قەوارەکە بتوانێت سودی لێببینێت لـە ڕێگەی بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی دەنگدەران و لـە هەمان کاتیشدا کاریگەری هەبێت لـەسەر بەرزکردنەوەی کوالێتی پەرلـەمانی کوردستان، بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە دەبێت ڕەچاوی چەندیدن پێوەری تر بکرێت،سەرەرای ئەوە پێویستە قەوارە سیاسیەکان کار لـەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری دەنگدەرانیان بکەنەوە بۆ ئەوی دەنگدەر لـەسەر بنەما و پێوەری دروست و سەردەمی هەڵسەنگاندنێکی وشیارانەی کاندیدەکان بکەن و پاڵپشتی ئەو کاندیدانە بکەن کە ئامانجیان خزمەتکردنی هاوڵاتیان و هەرێمی کوردستانە لـەڕێگەی متمانە پێدانیان بۆ ڕاسپاردنیان بە ڕاژەی گشتی. بۆیە سەرجەم قەوارە سیاسیەکان پێویستیان بە پێداچوونەوەیەکی ورد و دروستی پرۆسەی دیاریکردنی کاندیدکردن هەیە تاکو بتوانن ئەو کێشانەی ڕووبەڕیان دەبێتەوە کەمی بکەنەوە یاخود نەیهێڵن.

ووشە کلیلیەکان: کاندید، میکانیزم، قەوارەی سیاسی، هەڵبژاردن.

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 20 يونيه 2022؛ قُبل في 14 اغسطس 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 12 أبريل 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023 د.ئارام، م. هاوار. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**پێشەکی:**

بە گوێرەی ڕێساکانی یاساکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکان کاندیدبون شێوەیەکی رەها وەرناگرێت، بەڵکو بەستراوەتەوە بە چەندین مەرج دیارترینیان مەرجی تەمەنە بەهۆی ئەوەی مافی کاندیدبون و دەنگدان یەکێکن لە مافە سیاسیەکان بە پێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان و یاسا ناوخۆیەکان بۆیە پێویستی بە تەمەنێکی دیاریکراوەوە هەیە، هەروەها مەرجی بڕوانامە وە مەرجی ئەنجامنەدان و تێوەنەگلان لە تاوانی پەیوەست بە شەرەف، لە لایەکی تر جگە لەو کاندیدانەی کە سەربەخۆ یاخود لە چوارچێوەی لیستی تاك خۆیان کاندید دەکەن سەرجەم کاندیدەکانی تری سەر بە پارتە سیاسیە بەشداربوەکانی هەلبژاردن بە چەندین قۆناغی پالاوتن ڕەتدەبن، جگە لە مەرجە یاساییەکان پارتەکان چەند پێوەرێکی تر ڕەچاو دەکەن بۆ کاندیدەکان، بەلاّم پێدەچێت ئەم پێوەرانە لەسەر سەرجەم کاندیدەکان جێبەجێنەکرێن، ئەمەش پارتەکان ڕووبەڕووی ڕەخنەی دەنگدەرانیانەوە دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا هەر پارتێك شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ دیاریکردنی کاندیدەکان و ئەو ئۆرگانانەی تایبەتمەندن بە دیاریکردنیان یاخود دەستەلاّتی پەسەندکردنیان هەیە، وە گومانی تێدا نیە سیستەمەکان و لیستەکان و بازنەکانی هەلبژاردن کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان هەیە لەسەر دیاریکردنی کاندیدەکان، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیە بە سود وەرگرتن لە ئەزمونی ژمارەیەك وڵات و بەراوردکردنی لەگەڵ واقعی هەرێمی کوردستان و عێراق بە پێویستمان زانی خوێندنەوەیەکی ورد بۆ چەند پرسێك بکەین کە لە دێرەکانی سەرەوە ئاماژەمان پێی کردووە.

**کێشەی توێژینەوە:**

زۆر لە کوتلەکانی پەرلەمانی کوردستان خاوەنی سەرجەم پسپۆرییە پێویستیەکانی لیژنەکانی پەرلەمان نین، ئایا هۆکارەکەی بۆچی دەگەرێتەوە؟ کاندیدەکان لە خولەکانی ڕابردوو لەسەر چ پێوەرێك کاندیدکراون؟ کام ئۆرگانی قەوارە سیاسیەکان کەسەکان کاندید بکات، ئۆرگانەکانی خوارەوە کە جەماوەرین یاخود ئۆرگانە ناوەندەکان و مەکتەب سیاسیەکان یاخود هەموویان بە یەکەوە و بە هەماهەنگی. بۆچی هەندێ لە کاندیدەکانی خاوەن بڕوانامە و پسپۆری ورد و پێویستن بۆ پەرلەمان بەلاّم دەنگی پێویست ناهێنن تاکو کورسی پەرلمانی بەدەست بێنن؟ لە هەمان کاتدا هەندێ کاندیدی تر خاوەنی ئەزمونێکی دەوڵەمەند نین بەلاّم بە ئەندازەی دوو یاخود زیاتری کورسی پەرلەمانی دەنگ بەدەست دێنن؟ ئایا قەوارە سیاسیەکان دەزگایەکی تایبەتمەندیان هەیە بە ئامادەکاری کردن و دروستکردنی کاندید؟

**گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە دیاریکردنی چەند پێوەرێك کە پێویستە لە داهاتوودا پشتی پیێ ببەسترێت بۆ بەهێزکردنی کوتلەکانی قەوارە سیاسیەکان لە پەرلمانی کوردستان، لە لایەکی تر دۆزینەوەی شێوازێکی گونجاو بۆ هەلبژاردنی کاندیدەکان و دیاریکردنی ئەو ئۆرگانانانەی کە رۆڵیان دەبێت لە پالاّوتن و یەکلایکردنەوەی پالاّوتنی کاندیدەکان.

**گریمانەی توێژینەوە:**

پێویستە بە شێوەیەکی زانستیانە و بەرنامە بۆ داڕێژراو چەند پێوەرێك دەستنیشانبکرێت تاکو کاندیدەکان لەسەر بپالێورێن بۆ ئەوەی کوتلەکان لە پەرلمانی کوردستان بن بە کوتلەیەکی بەهێز و ئەندامانی بتوانن لە سەرجەم لیژنەکان ڕۆلێکی کاریگەر و سەرکردایەتی ببینن. لە هەمان کاتدا هەماهەنگیەکی پتەو لە نێوان ئۆرگانەکانی پارتە سیاسیەکان هەبێت تاکو سەرکەوتوانە بە شێوازێکی گونجاو کاندیدەکان دەست نیشانبکرێن.

**رێچکەی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیە پشت دەبەستین بە رێچکەی شیکاری و ڕەخنەی، بە شێوەیەك دەمانەوێت شیکردنەوەیەك بۆ مەرجەکانی کاندید کردن و میکانیزمەکانی دیاریکردنی بکەین، لە هەمان کاتدا تیشك بخەینە سەر خستنەڕووی دیاریکردنی لایەنە لاوازەکانی پڕۆسەی پالاّوتنی کاندیدەکان و پیشاندانی ئەو لایەنە نەرێنیانەی کاریگەرن لەسەر دابەزاندنی جۆرایەتی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

**پلانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکەمان دابەش دەکەین بەسەر دووبەش، بەشی یەکەم دیاریکراوە بۆ ناساندن و چوارچێوەی یاسایی کاندید، ئەم بەشە دابەش دەکەین بەسەر سێ داواکاری، لە داواکاری یەکەم پێناسەی کاندید و چوارچێوە یاسایەکەی دەکەین، لە کاتێکدا داواکاری دووەم پەیوەندیدارە بە پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی کاندید، وە لە داواکاری سێیەم باس لە شێوازەکانی دیاریکردنی کاندیدەکان دەکەین. لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان باسی کاریگەرییەکانی سیستەمەکان و لیستەکان و بازنەکانی هەلبژاردن دەکەین لەسەر کاندیدەکان، وە ئەم بەشە دابەش بووە بەسەر سێ داواکاری، داواکاری یەکەم پەیوەندیدارە بە سیستەمەکان و لیستەکان و بازنەکانی هەلبژاردن، وە داواکاری دووەم پەیوەستە بە کاریگەری سیستەمەکان و بازنەکان و لیستەکانی هەلبژاردن

لەسەر دیاریکردنی کاندید، لە کاتێکدا داواکاری سێیەم تەرخان کراوە بۆ ئەزمونی وڵاتان لە پێوەرەکانی دیاریکردنی کاندید.

## بەشی یەکەم:

## ناساندنی کاندید و پێوەر و شێوازەکانی دەستنیشانکردنی

لە سەرەتای ئەم بەشەدا بە پێویستی دەزانین پێناسەیەکی کاندید بکەین لەگەڵ پێناسەکردنی پرۆسەی دیاریکردنی کاندید، دواتر دەمانەوێت باس لە مەرجەکانی کاندید بکەین لە چوارچێوەی یاساییەکەیدا، سەرەڕای باسکردنی پێوەرەکانی دیاریکردنی کاندید بەم شێوەیەی خوارەوە:

### داواکاری یەکەم:

### پێناسەی کاندید و چوارچێوە یاساییەکەی

لە ڕاستیدا پێناسەی جۆراوجۆر هەیە بۆ کاندید بە گوێرەی جۆری ئەو دەستەی کە کاندیدەکانی بۆ دیاریدەکرێت، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە دیاریکردنی کاندیدەکانی ئەنجومەنە نوێنەرایەتیەکانە، بۆیە دەتوانین بڵێین پرۆسەی کاندیدکردن بریتیە لە پرۆسەیەك کە پارتە سیاسیەکان و لیستەکان پێی هەڵدەستن بۆ دیاریکردنی ئەو کەسانەی کە ناوەکانیان دەچێتە سەر پسولەی دەنگدان. ئەم پرۆسەیە جیاوازە لە پرۆسەی ناوزەدکرن و پەسەندکردنی کاندیدەکان، چونکە ئەوەی دواییان بریتیە لە پرۆسەیەکی یاسایی کە دەستەکانی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان پێی هەڵدەستن لە ڕێگەی پشکنینی کاندیدە پێشکەشکراوەکان لە لایەن قەوارە سیاسیەکان و هاوپەیمانەکان و لیستەکان بەمەبەستی پەسەندکردن و جێگیرکردنی ناویان لە پسولەی دەنگدان یاخود ڕەتکردنەوەیان و دورخستنەوەیان . ( مالپەری ئەسێ 2008)

وە پێناسەیەکی تری کاندید کراوە بەوەی ئەو کەسەیە کە بە فەرمی پاڵاوتنی پەسەند کراوە بۆ ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بە گوێرەی ڕێکارەکانی کۆمسیۆن. (کۆمسیۆنی هەلبژاردن 2،2008)

هەروەها کاندید پێناسە کراوە بەوەی ( هەموو عێراقیەك دەگرێتەوە کە کاندید کردنەکەی پەسەند کراوە بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.( قانون انتخاب مجلس النواب العراق، 2013، 45، 1)

وە پێناسەیەکی تری پاڵێوراو هەیە پێیوایە کاندید ( هەر هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردستان– عێراق، چ نێر، چ مێ، بۆی هەیە ببێتە دەنگدەر یان پاڵێوراو ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا فەراهەم بێت کە بە دەق لەم یاسایەدا هاتوون)، ( یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، 1992، 1)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ( کاندید ئەو کەسەیە کە پارتە سیاسیەکان لە چوارچێوەی قەوارە سیاسیەکان یاخود هاوپەیمانەکان ڕەوانەی دەکەن بەمەبەستی پەسەندکردنیان لە لایەن لایەنی سەرپەرشتیاری هەلبژاردن بۆ ئەوەی بەشداری قۆناغی بانگەشەی هەلبژاردن بکەن و پێشبرکێی بەدەستهێنانی کورسی بکەن لە ئەنجومەنەکانی نوێنەران).

**لە لایەکی تر** لە زۆربەی بارەکاندا چوارچێوەی یاسایی تایبەت بە پرۆسەی دیاریکردنی کاندیدەکان بە تەواوی ڕوونە یا ئەوەتا تەنها هەندێك بنەمای گشتی ئاماژەی پێکراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ وڵات دیاریکردنی پاڵێوراوانیان بە یاسا ڕێکخستوە، وەك وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا تا ڕادەیەکیش هەریەکە لە ئەڵمانیا و فنلندا. ( عبداللە، 2016، 299)

ئێمە زیاتر تیشك دەخەینە سەر پرۆسەی دیاریکردنی کاندید لە هەرێمی کوردستان، بۆیە دەمانەوێت هەڵوێستی یاسادانەری کوردستانی دیاری بکەین دەربارەی مەرجە یاساییەکانی کاندید، لە هەرێمی کوردستان چەند مەرجێك دیاریکراوە بۆ ئەو کەسەی خۆی دەپاڵێوێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەوانیش ئەمانەن ( یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان،1، 19، 1992):

1- لە هاووڵاتیانی کوردستان– عێراق بێت و لێی نیشتەجێ بێت.

2- تەواو شیاو بێت و گەیشتبێتە تەمەنی (25) ساڵ.

3- بە چاکی خوێندن و نوسین بزانێت.

4- بە جۆرە تاوانێك زیندانی نەکرابێت کە لە ڕەوشت و ئادابی گشتی و دەستپاکی لایدابێت.

5- بە تاوانی کوشتنی ئەنقەست یان دزی حوکمی زیندان نەدرابێ.

6- لەو تاوانانەدا بەشداری نەکردبێ کە دەستەلاٌتی سەرکوتکار لە کوردستاندا پلانی بۆ دانابێ یان ئەنجامی دابێت.

لە مەرجی سێیەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کاندید مەرجی بڕوانامەی بۆ دانەنراوە، ئەوە لەوانەیە تارادەیەك بۆ سالی (1992) ئاسایی بوبێت بەهۆی کەمی هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بڕوانامەی باڵا لە نێوان هاولاتیان بە گشتی و وە لە نێوان سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی و پارتە سیاسیەکان بە تایبەتی، هەرچەندە ئەگەر سەیری بڕوانامەی ئەو کاتی کاندیدەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێت پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین کاندیدی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسی داناوە بە بەراورد لەگەڵ پارتەکانی تر ( حسن، 2017، 269)، ئەوە بەلگەیە لەسەر تێگەیشتن و

پەرۆشی و گرنگی دانی ئەو پارتە بە دروستکردنی دامەزراوەیەکی پەرلەمانی خاوەن توانست و لێهاتوی، بۆیە لە سەردەمێکی وەك ئێستادا کە پارتەکان خاوەنی هەزاران توانای مرۆیی خاوەن بڕوانامەن لە دبلۆمەوە بگرە تاوەکو دکتۆرا، ناکرێت ئێمە ئەو مەرجە بەو شێوەیە بهێلینەوە، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی کە هەمواری ئەم مەرجە بکاتەوە بەشێوەیەك بەلایەنی کەمەوە بڕوانامی ئامادەیی بکاتە پێوەر.

لە لایەکی تر لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، لە لایەن کۆمسیۆنی هەلبژاردنەوە بریار دەردەچوو کە نابێت هەر محکومێك لە پێنج ساڵە بەرەو سەرەوە حوکم درابێت بەشداری پرۆسەی دەنگدان بکات، ئیجا پرسیار ئەوەیە ئایا کۆمسیۆنی هەڵبژاردن چی کردۆتە پێوەر بۆ ئەوەی ڕێگە بەو کەسانە نەدرێت کە پێنج ساڵ و بەرەو سەرەوە حوکم دراون؟ لە ڕاستیدا لەم بارەدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ یاسای سزادانی عێراقی کە سزای جۆرەکانی تاوانی دیاریکردووە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە :( یاسای سزادانی عێراقی، 111، 85، 1969).

1- لە سێدارەدان.
2- زیندانی بەردەوام ( 20 ساڵ)
3- زیندانی کاتی ( 5 بۆ 20 ساڵ).
4- حەبسی توند ( 3 مانگ بۆ 5 ساڵ)
5- حەبسی سادە ( 24 کاتژمێر بۆ 1 ساڵ)

بە گوێرەی ئەو بڕیارە ڕێگەی داوە بە گرتوەکان لە خوارووی حوکمی ( 5) ساڵیەوە دەنگ بدەن، ئەوە دەگەینێت کە تەنها ڕێگە بەو کەسانە دەدرێت دەنگ بدەن کە حوکم دراون بە حەبسی توند یاخود حەبسی سادە.

بەلآم لە هەڵبژاردنی (2018/9/30) کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ( 2018/9/5) بڕیارێکی دەرکرد کە تیایدا هاتوە ( کارمەندانی نەخۆشخانەکان و بەندیخانەکان و بەندکراو و حوکم دراوەکان تەنها لە ڕۆژی دەنگدانی گشتی لە 2018/9/30 دەنگ دەدەن) ( ئەنجومەنی کۆمیساران 2018، 22/چوارەم)، بە پێچەوانی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو کە ڕێگە دەدرا بەو کەسانەی تاکو ( 5) پێنج ساڵی حوکم دراون بەشداری دەنگدان بکەن، لە ڕاستیدا ئەم بڕیارە پێشنیاری یەکێك لە لایەنە سیاسیەکان بوو، ئەوەی زۆر جێگەی ڕەخنەیە کە بە داخەوە ڕەت بوو ئەویش ئەوەیە ئەو بڕیارە پێچەوانەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو، چونکە لەم یاسایدا هاتوە کە ( پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی ئاسایشی ناوخۆ، زێرەڤانی هەرێم ( پێشمەرگە) و، سوپاو، کارمەندانی نەخۆشخانەکان، بەندیخانەکان و حەبس و سجنەکان، لە چەند مەرکەزێکی تایبەت بە خۆیان ئەنجام دەدرێت کە دەستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەست نیشانیان دەکات، بە مەرجێ پێش چل و هەشت کاتژمێر لە وادەی دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت).
( یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، 1992، 1، 60)

هەروەها لە یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان مەرجەکان بەو شێوەیە ڕێك خراون:

1- بە ڕەگەزنامە عێراقی بێت
2- شیاوی تەواوی هەبێت
3- هەژدە ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت
4- ناوی لە تۆماری دەنگدەرانی ئەو پارێزگایەی کە هەڵبژاردنی لێدەکرێت تۆمارکرابێت.( پەرلەمانی کوردستان، 2009، 3،4).

## داواکاری دووەم

### پێوەرەکانی دەست نیشان کردنی کاندید بۆ ئەنجومەنەکانی نوێنەران

دەمانەوێت بە چەند پرسیارێك لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ بکەین، ئایا میکانیزمەکانی پاڵاوتن چین؟ میکانیزمەکە کۆبونەوەیە یاخود هەلبژاردنێکی سەرەتاییە؟ ئەگەر کۆبونەوەبێت، ئایا لەسەر ئاستی خۆجێی بێت، یاخود هەرێمی بێت، یاخود ناوەندی بێت؟ ئەگەر پاڵاوتن بە هەڵبژاردنی سەرەتای بێت، کێن ئەوانەی مافی دەنگدانیان دەبێت؟ کام لایەن لێهاتوی دەنگدانیان دیاریدەکات؟ ئایا پێویستە سەرکردایەتی پێشتر پاڵێوراوەکان دەست نیشان بکات؟ ئایا پێویستە سەرکردایەتی ڕەزامەندی بنوێنێت لەسەر پاڵێوراوەکان؟ بۆ ئەم مەبەستە دەمانەوێت ئەو گفتوگۆیەی خوارەوە ئەنجام بدەین.

( أشیاغبور 2009، ل18) لە توێژینەوەکەی ئەم پێوەرانەی خوارەوە بە گرنگ دادەنێت بۆ دیاریکردنی کاندیدەکان:

1- تأريخ انخراط الفرد بشكل ناشط في الحزب: بە گوێرەی ئەم پێوەرە دەرفەتی لە پێشینە دەدرێتە ئەو کادیر و ئەندامانەی کە ماوەیەکی زۆرە لە نێو ڕێکخستنەکانی پارت کار دەکەن وە ئەوانەی زیاتر پابەندن بە بنەما و بەهاکانی پارتەکانیان، وە زۆر لە پارتەکان ئەم مەرجە بۆ کاندیدەکان دانێن بەوەی چەند ساڵێك بۆ نمونە (4 )ساڵ تێپەر بوبێت بەسەر ئەندامانیان لە پارت.

2- قدرة المرشح على استمالة الجمهور: هەندێ جار دەنگدەرانی پارت وێنەیەکی پالێوراوەکانیان لایە کە پەیوەستە بە کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز بە گوێرەیانەوە هەلوێستی پالێوراوەکان رێك خراوە وە تۆمار کراوە لە هەلوێستە توندەکان تاکو دەگاتە هەلوێستە بابەتیەکان دەربارەی هەندێ پرسی سیاسی ئالۆز. وە پالێوراوەکان دەکرێت لە فلتەری ئۆرگانەکانی حزب دەربچن بەلام لە هەمان کاتدا پێویستیان بە پالپشتی دەنگدەرانی پارتە بۆ ئەوەی هەردوو جۆری پالپشتیەکە بەدەست بێنن، لەو کاتەدا پارتەکان بەرەو وەرگرتنی بۆچونی دەنگدەرانیان دەرۆن وەك بەشێك لە پرۆسەی پالاْوتنی پالێوراوەکان، بۆ نمونە لە تایوان هەریەکە لە پارتەکانی پێشکەوتنی دیموکراتی و ( الکیومنتانغ) پاش دیاریکردنی پالێوراوەکان لە راپرسیەکدا خستیانە بەردەم دەنگدەرە گشتیەکانی پارت. لە مەکسیك پارتی شۆرشگێری لەسەر ئاستی ولات بۆچونی دەنگدەرانی وەرگرت بۆ دیاریکردنی پالێوراو.

3- المهارات السياسية: یەکێك لە بەهێزترین خاڵە ئەرێنیەکانی کاندید ئەوەیە توانایەکی باشی هەبێت لە هونەری وتاردان، و دانایی هەبێت لە سیاسەتکردن، وە لێهاتوبێت لە بواری دانانی پلانی ستراتیژی. لێرەدا ئەو کاندیدانەی پێشتر پلە و رۆل و بەرپرسیاریەتی حزبیان پێ سپێردراوە بێگومان سەرکەوتوتر دەبن لەوانەی ئەزمونیان نیە یاخود کەمە، وە ئەو توانایە دەبێت ئاشکرا بکرێن لە رێگەی داواکاریەکانیان و راهێنانپێکردنیان و وە بەشداری پێکردنیان لەگەل پالێوراوەکانی تر.

4- الاخلاقيات: پارتەکان لە رێگەی کاندیدکردنی ئەوانەی خاوەنی رەوشتی زۆربەرزن ئەوە پیشانی دەنگدەرانی دەدات کە چەندە پەرۆشە بۆ لەبەرچاوگرتنی ئارەزووی دەنگدەرانی لە دیاریکردنی کاندیدانی خاوەن رەوشتی بەرز. لێرەدا پارتەکان دەبێت هەندێ پێوەر دابنێن بۆ نمونە ( لێپێچینەوەی لەگەل نەکرابێت لەسەر گەندەلی) یاخود دەبێت رابردووی وردی کاندیدەکان وەربگرن ئینجا لە رێگەی خۆیان بێت واتە کاندیدەکان یاخود لە رێگەی تر بێت بە شێوەی نهێنی وەربگیرێت. بۆ ئەوەی پارتەکان دووربن لە ناوزڕاندنی کاندیدانیان لە کاتی بانگەشەی هەلبژاردن چونکە زیانێکی گەورە لە لیستەکە دەدات کە کاندیدەکەی تیایە.

لە کۆریای باشور، لە کاتی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی کونگرێس لە نیسانی (2000) جولانەوەی مەدەنی – هاوپەیمانی هاونیشتمانیان – دەنگیان دا دژی ( 89) کاندید بەهۆی ئەوە لە گەندەڵی تێوەگلاون، ( 59) لەو کاندیدانە بەر لەو پرۆسەیە ئەگەری دەرچونیان زۆر بوو (توێژینەوەی هۆرۆوتز و کیم ( 2002 کە ئاماژەی پێکراوە لە نوسینی أشیاغبور، ل. 19).

5- الوصول إلى الاموال: پارتە سیاسیەکان پێویستیان بە سەرچاوەی داهاتە نەك تەنیا لەکاتی هەلبژاردنەکان بەلکو لە کاتە ئاساییەکانیش کە هەلبژاردنیان تێدا ئەنجام نادرێت، ئەمە وا دەکات هەندێ لە پارتەکان بۆ رێکخستنی لیستەکان تیشك بخەنە سەر بەشێك لەو کاندیدانەی کە خاوەنی سەرچاوەی داهاتی گونجاون بۆ ئەوەی بەشێك لە تێچونی بانگەشەی هەلبژاردن بکەوێتە سەر شانی خۆیان، بەلام دەبێت هەموو خەرجیەکان بکەونە چوارچێوەی یاسای و رێکارەکانی ژمێریاری پەیوەست بە بانگەشەی هەلبژاردن.

6- الخلفية العلمية والتربوية والاجتماعية: لە راستیدا لایەنی زانستی و هەبونی بروانامە وە لە نێویان بروانامەکانی بالاْ بە یەکێك لە پێوەرە هەرە سەرەکیەکانی دیاریکردنی کاندید دادەنرێت، زیاتر لەوەی جەخت کردنەوە لەسەر هەندێ پسپۆری پێویست بۆ ناو کوتلەکانی نێو پەرلەمان وەك پسپۆری دارایی، یاسایی، تەندروستی، ژینگەیی، پسپۆری تر، لە هەمان کاتدا لایەنی پەروەردەیی دەبێت لەبەرچاوبگیرێت، سەرەرای ئەوە دەبێت کاندید لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە توانایەکی بەرزی پەیوەندی هەبێت لەگەل ژمارەیەکی زۆری دەنگدەران لەو بازنەیەی خۆی تیایدا کاندید دەکات.

7- یەکێکی تر لە پێوەرەکانی دیاریکردنی کاندیدەکان بریتیە لە لەبەرچاوگرتنی دابەشبونی جوگرافی بە گوێرەی جۆرایەتی لە کاندیدەکان، واتە کاندیدەکان

دەبێت رەنگدانەوەی جوگرافی سەرجەم ئەو شوێنانە بن کە بازنەی هەڵبژاردن دەیانگرێتەوە. وە پێویستە لە هەمان کاتدا رێژەی ئافرەت لەبەرچاو بگیرێت.

وە هەندێ جار پارتەکان رووبەرووی پاڵەپەستۆ دەبنەوە لە کاتی پرۆسەی دیاریکردنی کاندیدەکان، یەکێك لە پاڵەپەستۆیەکان ئەوەیە رێکارەکانی دیاریکردنی کاندیدەکان وا دادەنرێن کە زۆرترین ئەندام بەشداری لە هەڵبژاردنیان بکات، واتە بەشداریپێکردنی ئەندامان لە دەرکردنی بڕیارە چارەنوسازەکان، ئەمەش زیاتر لە بنەماکانی دیموکراسیەوە نزیکە، بەڵام پاڵەپەستۆی دووەم ئەوەیە کە پێویستە لەسەر سەرکردایەتی پارتەکان پارێزگاری بکەن لە ناسنامەی پارتەکانیان، بە شێوەیەك کاندیدەکان گوزارشت لە بنەما سەرەکیەکانی پارتەکەیان بکەن، وە پاڵەپەستۆی سێیەم ئەوەیە بەربژێرەکان نوێنەرایەتی چین و توێژە جیاوازەکانی ناوخۆی پارتەکان بکەن، ئینجا لە روانگەی دابەشبونی جوگرافی بێت یاخود لە روانگەی لەبەرچاوگرتنی پێکهاتە جیاوازەکان بێت بەهۆی زمان، نەتەوە ، ئاین ، ئافرەت ، بەم شێوەیە دەبینین ئەگەر پارتەکان رێسا و رێکار دابنێن بۆ دیاریکردنی بەربژێرەکان ئەوا ڕووبەڕووی کەمترین بارگرانی دەبنەوە. ( وولاك، إيفان 2008، 11)

### داواکاری سێیەم

### شێوازەکانی دیاریکردنی کاندید

لە ڕاستیدا ئامادەکردن و پاڵاوتنی پاڵێوراوەکان بە یەکێك لە ئەرکە هەستیارەکان دادەنرێت بۆ پارتە سیاسیەکان، چونکە ناسنامەی پاڵێوراوەکان و پێگەکەیان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە دیاریکردنی وێنەی پارتەکان لە ماوەی هەڵبژاردن. بە گشتی چەند شێوازێك هەیە بۆ دیاریکردنی کاندیدان کە لە خوارەوە ڕوونیان دەکەینەوە:

1- بەشداریکردنی ئەنجومەنە باڵاکان لە دیاریکردنی کاندیدەکان: لەم بارەدا ڕۆڵێ ئەو ئەنجومەنانە بریتی دەبێت لە دیاریکردن و پەسەندکردنی کاندیدەکان، ئەوەش دوو شێوازی هەیە:

أ- شێوازی هەڵبژاردن: دەکرێت لە خۆیانەوە ناوەکان بخەنە ڕوو وە گفتوگۆی بکەن و دواتر بە گوێرەی دەنگی پێویست بۆ پەسەندکردن بڕیاری پەسەندکردنی لە بارەیەوە بدەن لە ڕێگەی دەنگدان لەسەر کاندیدەکان، بۆ نمونە یەك بەیەکی کاندیدەکان سیڤیەکانیان دەخوێندرێتەوە وە دەنگی لەسەر دەدرێت ئەوەی دەنگی هێنا ئەو دەبێتە کاندید بە فەرمی.

ب- شێوازی دیاریکردن: واتە ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان خۆیان هەڵدەستن بە دیاریکردنی کاندیدەکان بە بێ ئەوەی پەنا ببەنە بەر دەنگدان لە نێوان خۆیان.

2- ئەنجومەنە خۆجێیەکانی حیزب ڕۆڵ دەبینن لە دیاریکردنی کاندیدان: ئەوەش دوو شێوازی هەیە

أ- شێوازی دیاریکردن: لێرەدا ئەنجومەنە خۆجێیەکان داوا لەو کەسانە دەکەن کە مەرجەکانیان تێدایە سیڤی پێشکەش بکەن، دواتر قۆناغی پاڵاوتن (کورتکردنەوە لیست دەست پێدەکات)، ئینجا بە دیاریکردن ئەوەی ئەنجومەنە خۆجێیەکان پێیان باشە پەسەندی دەکەن و بەرزی دەکەنەوە بۆ ئەنجومەنە باڵاکان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کۆتایی، وە ئەم شێوازە دەکرێت دابەش بکرێت بە چەند ئاستێك بە گوێرەی ئەنجومەنە خۆجێیەکان زیاتر بۆ ئاستی یەکەم و دووەم دابەش دەکرێت بەڵام بڕیاری یەکلاکەرەوە لای ئاستی دووەمە. لێرەدا ڕۆڵی ئەنجومەنە باڵاکانە بڕیاری کۆتایی وەربگرن بەڵام لە زۆرینەی کاتەکاندا پێشنیاری ئەنجومەنە خۆجێیەکان وەك خۆی پەسەند دەکات، چونکە لە ئەنجامدا ئەنجومەنەکانی خۆجێی بەرپرسیار دەبن لە دەرچواندنی کاندیدەکان بە پلەی یەکەم یاخود بەرپرسن لە هێنانی دەنگی داواکراو.

ب- شێوازی هەڵبژاردن: لێرەدا ئەنجومەنە خۆجێیەکان شێوازی هەڵبژاردن پەیڕەو دەکەن بۆ دیاریکردنی کاندید، ئەمەش لە دیموکراسیەوە نزیك ترە چونکە هەڵبژاردن پەیڕەو کراوە. وە ئەم بارە چەند شێوازێکی هەیە وەك:

یەکەم: هەڵبژاردن بە دەنگدانی نهێنی لە لایەن ئەنجومەنە خۆجێیەکان لەسەر ئەو کەسانەی سیڤیان پێشکەش کردووە.

دووەم: هەڵبژاردن لە ڕێگەی ئەندامانی حیزب بە شێوەیەك هەر ئەنجومەنێکی حیزبی دەکرێتە بازنەیەکی هەڵبژاردن و صندوقی دەنگدان دادەنرێت ئەندامانی حیزب کە لێهاتوی دەنگدانی گشتیان تێدایە بەشداری لەم پرۆسەیە دەکەن. لایەنی ئەرێنی ئەم ڕێگەیە ئەوەیە ژمارەیەکی زۆری دەنگدەری قەوارە بەشداری ئەم پرۆسەیە دەکات، وە پارتەکان دەتوانن

دەست نیشانی ئەو ئەندامانە بکەن کە بەشداریان نەکردووە وە ئەگەری ئەوەیە هەیە لە هەڵبژاردنی گشتی بەهەمان شێوە بەشداری نەکەن، بۆیە دەکرێت وەك ئەزمونێك ئاگاداریان بکەنەوە بێگومان ئەوە لەبەرژەوەندی پارتەکەیە، بەڵام لایەنی نەرێنی ئەوەیە ئەگەر کۆمەڵەیەك یاخود گروپێك کاندیدەکەی دەرنەچوو لە پرۆسەی دەنگدانی گشتی ساردبێتەوە بەشداری نەکات، یاخود لە ناوچە عەشایەریەکان کەسانی خاوەن بروانامە دەنگ نەهێنن، بۆیە بۆ رێگەگرتن لەو لایەنە نەرێنیە واباشە سیستەمی کۆتا لە ناو بازنەی هەڵبژاردنی حیزب بۆ خاوەن بروانامە و ئافرەت و هەندێ گروپ پەیرەو بکات .

سێیەم: لە رێگەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی ئەندامانی حیزب لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو حیزب خاوەنی لیستێکی ئەلیکترۆنی ئەندامانی بێت، لایەنی نەرێنی ئەم رێگەیە ئەوەیە سەرجەم ئەندامان ناتوانن دەنگ بدەن چونکە سەرجەمیان خاوەنی ئامێری ئەلیکترۆنی پێشکەوتوو نین بە تایبەتی لە شوێنە دوورە شار و سەر سنورەکان. ( سکارو 2005، 8)

3- شێوازی تێکەڵاو: بە گوێرەی ئەم شێوازە هەم ئەنجومەنە باڵاکان و هەم ئەنجومەنە خۆجێیەکان رۆڵ دەبینن لە رێگەی دیاریکردنی کاندیدەکان، واتە لێرەدا پرۆسەکە سەرەتا لە لایەن ئەنجومەنە باڵاکان دەست پێدەکات لە رێگەی دیاریکردنی پێوەرەکانی دیاریکردنی کاندیدان، ئەم پێوەرانە رەوانەی ئەنجومەنە خۆجێیەکان دەکرێت، ئەوانیش بە پشت بەستن بە پێوەرەکان کاندیدەکان دیاریدەکەن و بەرزی دەکەنەوە، بەڵام مەرج نیە ئەوەی ئەنجومەنە خۆجێیەکان بەرزیان کردۆتەوە پەسەند بکرێن، بەڵام لەکاتی هەبونی تێبینی لەسەر هەر کاندیدێك دەگەرێنەوە لای ئەنجومەنە خۆجێیەکان، لە هەمان کاتدا بەهۆی زیاتر درك کردنی ئەنجومەنە باڵاکان بە پێویستی دامەزراوەی پەرلەمان بە کەسانی لێهاتوو، ئەو ئەنجومەنانە بۆیان هەیە کاندید دابنێن بە بێ گەرانەوە بۆ ئەنجومەنەکانی خۆجێی، یاخود بە گەرانەوە بۆ ئەنجومەنە خۆجێیەکان هەر لەسەرەتاوە، بۆیە لێرەدا پێشنیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە رێژە دیاریبکرێت لە نێوان ئەنجومەنە باڵاکان و ئەنجومەنە خۆجێیەکان بە شێوەیەك رێژەی زۆرینە بۆ ئەنجومەنە خۆجێیەکان بێت، بەڵام لایەنی نەرێنی ئەم دابەشکردنی رێژەیە ئەوەیە لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنە خۆجێیەکان بۆ بەرژوەندی کاندیدانی رێژەی خۆیان پرۆسەکە بەرێوەدەبەن و ئەنجامەکە یەکلای دەکەنەوە، بۆیە بۆ نەهێشتنی ئەو نەرێنیە دەبێت ئەنجومەنی سەرکردایەتی پشت بە دەنگدەرانی مسۆگەر ببەستن بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو کاندیداندانەی خۆیان مەبەستیانە وەك دەنگدەرانی تایبەت و دەنگدەرانی مەرجدار.

بۆیە ئەو پارتانەی ئارەزوو دەکەن بازنەیەکی فراوان لە ئەندامانیان بەشداری بکەن لە دیاریکردنی کاندیدەکان پشت دەبەستن بە یەکێك لەم ئامرازانە:

1- پشت بەستن بە دەنگدانی راستەوخۆی ئەو ئەندامانەی مافی دەنگدانی گشتیان هەیە کە پێی دەوترێت هەڵبژاردنی سەرەتایی.

2- دیاریکردنی کاندیدەکان لە رێگەی ئەنجومەنەکانی حزبیەوە، دەکرێت ئەو ئەنجومەنە جۆراوجۆربێت.

گومانی تێدانیە کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن و دەنگدان بە رووی هەموو کەسێك لە لایەك وادەکات زۆرترین ژمارەی دەنگدەرانی ئەو پارتە بەشداری بکەن بەڵام لە لایەکی تر وادەکات کە کەسانێك بپاڵێورێن نەگونجێن لەگەڵ رۆئیایی پارتەکە، یاخود کەسانێك بپالێورێ، لە ئەنجامدا بن بە ئۆپۆزسیۆنێکی نەرم یاخود توند، لەبەر ئەوە دەبێت پارتەکان بۆ دیاریکردنی کاندیدەکان بە پالێوراوانێك بەشداری بکەن ئاستێکی بەرزی رۆشنبیری و تێگەیشتنیان هەبێت لە ئەنجامدا سەرجەم ئەوانەی بەشداری پالاوتنی کاندیدەکانیان کردووە کۆ دەنگ دەبن بۆ پشتگیری کردنی بەمەبەستی دەرچواندنی. ( سکارو 2005، 8)

دەربارەی ئەوەی کێ لێهاتوی دەنگدەری دیاری دەکات، لە راستیدا لە نێو پارتە سیاسیەکان لێهاتوی دەنگدەر هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە مافی دەنگدانیان هەیە بۆ هەڵبژاردنە گشتیەکان، لە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا هەڵبژاردنی سەرەتای دەکرێت بۆ دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکی ولات لە نێو ئەندام و لایەنگرانی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردنی گشتیدا، بەڵام لە هەندێ ولاتی تر ئەم بازنەیە سنوردار دەکرێت بە شێوەیەك بە پشت بە ستن بە پێوەرێکی دیاریکراو وەك پلەی حزبی یاخود بروانامە یاخود تەمەن مافی دەنگدان دەدرێتە بەشێکی دیاریکراو، لە هەندێ ولاتی تر پێوەر دادەنرێت و دواتر

داوا لە دەنگدەران دەکرێت کاندید دیاری بکەن لە نێو ئەو کەسانەی خۆیان دەپاڵێون بە گوێرەی ئەو پێوەرانەی دیاریکراون، بەڵام لە وڵاتی تر سنوردارکردنەکە هەم بۆ کاندید دەبێت وە هەم بۆ دەنگدەر دەبێت، بەشێوەیەك چەند پێوەرێك بۆ کاندید دادەنرێت و تەنها دەتوانن ئەو کەسانە خۆیان بپاڵێون کە ئەو پێوەرانەیان تێدا هەیە، لە هەمان کاتدا دەنگدەر سنوردار دەکرێت بەوەی تەنها لە بازنەیەکی دیاریکراو دەنگ دەدرێت وەك دیاریکردنی پلەیەکی دیاریکراو بۆ دەنگدەر سەرەڕای بونی مەرجە گشتیەکان. وە لایەنی خراپی دوورخستنەوەی بەشێك لە دەنگدەران لە پرۆسەی هەڵبژاردنی کاندید ئاگادار نەبونیانە لەو کاندیدەی لە سنوری ئەوان پێشنیارکراوە، بۆیە لێرەدا ئەرکی ئۆرگانی خۆجێی گرانتر دەبێـت لە قۆناغی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ ناساندنی کاندیدەکان، بەڵام بەشداری پێکردنیان وا دەکات کاندید زووتر و زیاتر بناسرێت لە لای دەنگدەری خۆی، هەرچەندە وای بۆ دەچم یەکێك لە لایەنە خراپەکانی بەشداریکردنی کۆی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی کاندید بەبێ دیاریکردنی ئاستێکیی دیاریکراو وا دەکات دەنگدەر لە هەڵبژاردنی گشتی سارد ببێتەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردن بە بەشدارینەکردن یاخود بە بەشدارکردنی نەرێنی بەهۆی ئەوەی ئەو کاندیدەی ئەو دەنگی پێداوە لە هەڵبژاردنی سەرەتای دەرنەچوە. ( سکارو 2005، 9)

## بەشی دووەم

## کاریگەری سیستەمەکان و لیستەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن لەسەر کاندیدەکان

بێگومان سیستەمەکانی هەڵبژاردن و لیستەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن کاریگەریان هەیە لە سەر دیاریکردنی کاندیدەکان، چونکە ئەگەر لیستی هەڵبژاردن داخراو بێت کاریگەری دەبێت لەسەر جۆرایەتی کاندیدەکان وە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو ئۆرگانەی کاندیدەکان یەکلای دەکاتەوە، بەڵام لە لیستی کراوە یاخود نیمچە کراوە دەبێت کار لەسەر جۆرێکی تر لە کاندیدەکان بکرێت، بۆیە سەرەتا بە پێویستی دەزانم باسی جۆرەکانی سیستەمەکانی هەڵبژاردن و لیستەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن بکەین وە دواتر باس لە کاریگەریان بکەین لەسەر کاندیدەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

## داواکاری یەکەم

## ناساندنی سیستەمەکان و لیستەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن

بە پێویستی دەزانین بە کورتی ناساندنێك بخەینە ڕوو دەربارەی هەر یەکێك لەو زاراوانەی لە ناونیشانی سەرەوە ئاماژەمان پێی کردووە، ئینجا باس لە کاریگەرییەکانیان بکەین:

### لقی یەکەم: سیستەمەکانی هەڵبژاردن

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە جۆرەکانی سیستەمەکانی هەڵبژاردن دەکەین، وە زیاتر باس لە سیستەمی هەڵبژاردنی ڕێژەی دەکەین کە لە کوردستان و عێراق پەیرەو دەکرێت. ( اسماعیل 2009، 337)

1- سیستەمی زۆرینە: ئەو سیستەمەی دەنگدانە کە بەگوێرەیەوە ئەو لیستە یاخود ئەو کاندیدە دەردەچێت کە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، ئەم سیستەمە دابەش دەکرێت بۆ دووجۆر، سیستەمی زۆرینەی ڕەها کە بەگوێریەوە دەبێت لیست یاخود کاندیدی سەرکەوتوو زیاتر لە نیوەی دەنگە دروستە دراوەکان بەدەست بهێنێت، وە جۆری دووەمیان سیستەمی زۆرینەی سادەیە کە لیست یاخود بەربژێری سەرکەوتو دەبێت زۆرترینی دەنگە دروستەکانی بەدەست هێنابێت.

2- سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی: بە گوێرەی ئەو سیستەمەی دەنگدانەوە هەر پارتێك بە ئەندازەی ئەو دەنگانەی بە دەستی هێناوە کورسی پەرلەمانی بەدەست دەهێنێت، سەرەتا لەو پارتەی خاوەنی زۆرترین دەنگی دەنگدەرانەوە دەست پێدەکات تاکو ئەو پارتەی بەو ئەندازەیە دەنگی هێناوە کە یەك کورسی پەرلەمانی مسۆگەر دەکات بە پشت بەستن بە تێکڕای بەهێز یاخود ماوەی بەهێز. لەم سیستەمەدا دەکرێت هەرێمی هەڵبژاردن بەسەر یەك بازنە یاخود چەندین بازنەی هەڵبژاردن دابەش بوبن.

3- سیستەمی تێکەڵاو: سیستەمە تێکەڵەکان جۆرێکی تایبەتی سیستەمی هەڵبژاردن نین کە خەسڵەتیان لە سیستەمەکانی پێشوو جیاوازبێت، بەڵکو ئەو سیستەمانە تێکەڵاوێکن لە خەسڵەتەکانی هەردوو سیستەمی ( ڕێژەی و زۆرینە) پێك دێنن. هەندێ دەوڵەت بە سود وەرگرتن

لە لایەنە پۆزەتیفەکانی هەردوو سیستەمی زۆرینە و ڕێژەی وە بۆ خۆ دوورگرتن لە لایەنە نەرێنییەکان، هەوڵیان داوە سیستەمی نوێ دابهێنن. ( حسن 2007، ص 56)

ئێمە بە هۆی بونی سنورێکی دیاریکراو لە توێژینەوەکەمان ناتوانین درێژەبدەین بە هەر یەك لەو سیستەمانە کە باسمان کردن، چونکە هەریەك لەو سیستەمانە بەسەر چەند جۆرێك دابەش دەبن ئەمەش پێویستی بە کات و نوسینی زیاترە وە وامان لێدەکات لە مەبەستی توێژینەوەکەمان دووربکەوینەوە.

### لقی دووەم: بازنەکانی هەڵبژاردن

کاتێ ئێمە وردەبینەوە لە تیشك خستنە سەر پێناسەکانی بازنەکانی هەڵبژاردن، بۆمان دەردەکەوێت کە چەند پێناسەیەك خراونەتە ڕوو بۆ بازنەکانی هەڵبژاردن. بەشێوەیەك هەندێ لە نوسەران وا پێناسەی بازنەی هەڵبژاردنیان کردووە کە بریتیە لە یەکەیەکی هەڵبژاردن دیاریدەکرێت و دانیشتوانی کە ناویان لە تۆماری دەنگدەران هەیە هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی نوێنەرانیان بۆ ئەنجومەنەکانی نوێنەران ( حسن، 2007، 83) ، هەروەها پێناسەیەکی تر هەیە وای بۆ دەچێت کە بازنەی هەڵبژاردن چوارچێوەیەکە کە بە دەروازەی پرۆسەی هەڵبژاردن دادەنرێت و لە کۆتاییدا بەرەو ئالوێرکردن دەبێت بۆ ئەندامێتی نوێنەرایەتیکردن. ( الشقانی، 2005، ص 124) .

توێژینەوەیەکی ثامر ( کە ئاماژەی پێکراوە لە نوسینی جمال الدین 2013،ل9) پێناسەیەکی تری هەبە بۆ بازنەکانی هەڵبژاردن وای بۆدەچێت کە دابەشکردنی هەرێمی وڵاتە بۆ بازنەیەك یاخود چەند بازنەیەکی سیاسی تیایدا دەنگدەران پیادەی مافی هەڵبژاردن دەکەن بۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکان وە مافی ئەوەیان نیە کە بپەڕنەوە بۆ بازنەیەکی تری هەڵبژاردن.

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین مەبەست لە بازنەکانی هەڵبژاردن دیاریکردنی شوێنێکی نیشتەجێی دانیشتوانە بە پشت بەستن بە سیستمی کارگێڕی یاخود ژمارەی دانیشتوان یاخود ژمارەی هەرێمەکان، وڵات دابەشی چەندین بازنەی هەڵبژاردن دەکرێت و هەر بازنەیەکی جوگرافی بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی کورسی بۆ دیاریدەکرێت وە ڕەچاوی پێکهاتەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان دەکرێت تیایدا دەنگدەرەکانی مافی خۆپاڵاوتن و دەنگدانیان پێدەدرێت.

دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن دەوەستێتە سەر ژمارە و قەبارە و سنوری بازنەکانی هەڵبژاردن، وە بازنەی هەڵبژاردن بە یەکێك لە ناوچەکانی پرۆسەی دەنگدان دادەنرێت لەگەڵ بونی ژمارەیەك کورسی کە پێشتر بۆی دیاریکراوە، وە بونی بازنەکانی هەڵبژاردن کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پاکی پرۆسەی هەڵبژاردن، وە لەهەمان کاتدا ڕێژی بنەمای ( یەك کەس، یەك دەنگ) دەگیرێت، وە دەبێت دابەشکردنەکە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بێت دووربێت لە پەراوێزخستنی هەر پێکهاتە و چین و توێژ و ڕەنگێك یاخود دووربێت لە دەستبەری و مسۆگەرکردنی کورسی بۆ لایەنێك یان کەسێکی دیاریکراو. ( ئەسێ 2019، دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن)

پرسی بازنەکانی هەڵبژاردن لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا پرسێکە جێگەی نوسین و توێژینەوە و گفتوگۆ لەسەر کردنە بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پەیوەندی نێوان دەنگدەر و کاندید لەلایەك وە لە لایەکی تر پەیوەندی بە پیادەکردنی دەرفەتی گەیشتن بە کورسی پەرلەمانی بۆ زۆرینەی قەوارە سیاسیەکان لە ڕێگەی بە یەکسانی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن و پشت بەستن بە پێوەری دادپەروەرانە وە دورکەوتنەوە لەو پێوەرانەی دەبنەهۆی ستەمکردن لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی یاخود پێکهاتەیەکی نەتەوەی یان ئاینی یان ڕەگەزی دیاریکراو، بۆ نمونە لە ڕابردوو لە زۆر وڵاتانی بەناوبانگی جیهان وەك وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن تاکو نزیکەی نیوەی سەدەی ڕابردوو لەسەر بنەمای دادپەروەری نەبوو، ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی ستەمێکی زۆر بەرامبەر هاولاتیە ڕەشپێستەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بکرێت، بەڵام بە پشت بەستن بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژارن لەم قۆناغەدا زۆرینەی وڵاتانی جیهان پەنایان بردۆتە بەر دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بۆ سەر چەندین بازنەی هەڵبژاردن، بۆ نمونە وڵاتی عێراق یەکێك بوو لەو وڵاتانەی لە سەرەتادا لە ساڵی (2005) بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران وڵات یەك بازنەی هەڵبژاردن بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی (2009، 2014، 2018) عێراق (18) بازنەی هەڵبژاردن بوو بەشێوەیەك بە پشت بەستن بە بنەمای یەکەی کارگێڕی پارێزگا هەر پارێزگایەك کراوەتە بازنەی هەڵبژاردن و بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی کورسی پەرلەمانی بۆ دیاریکراوە، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی وڵات کە لە (2021/10/10) بەڕێوەچوو عێراق کرایە (83) بازنەی هەڵبژاردن و کۆتای ئافرەت بووە پێوەر بۆ دیاریکردنی بازنەکان، چونکە دەبێت (25٪) ئەنجومەن ئافرەت

بن به پێی دەستور ( دەستوری عێراق، ، 2005) به شێوەیەك لە هەر بازنەیەك كورسیەك تەرخان كرا بۆ كۆتایی ئافرەت و ئەو ڕێژەیە دەستوریەی مسۆگەركرد، وە لەسەر ئاستی پێكهاتەكانیش بۆ پێكهاتەی مەسیحی ( 5) كورسی دانراوە دابەشكراوە بەسەر پارێزگاكانی ( هەولێر، نینوی، بەغداد، كەركوك، دهۆك) وە بۆ هەریەك لە پێكهاتەكانی ( ئێزدی لە نینوی، شەبەك لە نینوی، فەیلی لە واست، صابئی لە بەغداد) كورسیەكی پەرلەمانی دیاریكراوە. ( عبدالغفور، 2019، ص 167 )، لە ئەنجامی گۆڕینی عێراق لە یەك بازنەی هەلبژاردنەوە كە لە ساڵی (2005) بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پیادەكرا بۆ (18) بازنەی هەڵبژاردن كە لە ساڵی (2010) و دواتر پیادەكرا نوێنەرایەتی هەرێمی كوردستان ( 14) كورسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دەستداوە كە ئامارەكان بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینە ڕوو( حەسەن، 2014، 84).

| ناوی لیست | ژمارەی كورسی بە پێی بنەمای یەك بازنەی 2005 | ژمارەی كورسی بە پێی بنەمای فرە بازنەی 2010 | جیاوازی |
| --- | --- | --- | --- |
| هاوپەیمانی كوردستان | 64 | 53 | 11 |
| یەكگرتوی ئیسلامی | 5 | 3 | 2 |
| بزوتنەوەی ئێزیدی | 1 | 0 | 1 |

بەڵام ئەوەی بووە دەستكەوتێكی گەورە بۆ گەلی كوردستان لە دوا هەڵبژاردن كە لە (2021/10/10) پارتە سیاسیەكانی كوردستان توانیان (62) شەست و دوو كورسی ئەنجومەن بەدەست بهێنن، بە بڕوای توێژەر ئەگەر پلانێكی تۆكمە و ڕێكخراو دانرابوایە و لە هەندێ بازنەكان بە تایبەت لە ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هاوپەیمانی لە نێوان پارتە سیاسیەكان هەبوایە دەكرا كورسی زیاتر بەدەست بهێنرێت بۆ نمونە لە بازنەكانی پارێزگاكانی كەركوك و دیالی و نینوی.

### لقی سێیەم: لیستەكانی هەڵبژاردن

لە ڕاستیدا ئێمە چەندین جۆری لیستەكانی هەڵبژاردنمان هەیە كە بەكاردەهێنرێن لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەكان بۆ ئەوەی دەنگدەر بتوانێت لە ڕێگەیانەوە ئەو كیانە سیاسیە یاخود ئەو كاندیدە هەڵبژێرێت كە خۆی مەبەستیەتی، بۆیە ئێمە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر چەند لیستێكی باوی بەكارهاتوو لەو وڵاتانەی كە پرۆسەی هەڵبژاردنیان بە شێوەیەكی خولی تێدا پیادە دەكرێت وەك لیستی داخراو، نیمچەكراوە، كراوەی تەواو .

مەبەست لە لیستی داخراو ئەوەیە كە لیستێكە لە پرۆسەكانی هەلبژاردن پشتی پێدەبەسترێت بە شێوەیەك بە گوێرەی ژمارەی كیانە سیاسی و هاوپەیمانە تۆماركراوەكان لیستی داخراومان دەبێت و هەر لیستێك بە گوێرەی ژمارەی قەوارە سیاسیەكان و هاوپەیمانەكان ژمارەی تایبەت بە قەوارەی سیاسی لە خۆ دەگرێت لەگەڵ ناوی كاندیدەكان، شێوازێكی تری لیستی داخراو ئەوەیە كە لیستەكە ناوی كاندیدەكان لە خۆ ناگرێت بەڵكو تەنها ناوی كیانە سیاسیەكە لە خۆ دەگرێت بەڵام ناوی كاندیدەكان ڕەوانەی لایەنی كارگێڕی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردن كراون وە پەسەندكراون، ئەو لایەنە بە گوێرەی دەنگە بەدەست هاتوەكان كە دواتر دەگۆردرێن بۆ كورسی پەرلەمانی ناوی كاندیدەكان بە ڕیزبەندی ڕادەگەینێت بە گوێرەی ئەو لیستەی پێشتر لە لایەن قەوارە سیاسیەكە بۆی ڕەوانە كراوە وە پەسەندی كردوون، لێرەدا سیستەمەكانی هەڵبژاردن پەیوەندیان لەگەل لیستەكانی هەڵبژاردن هەیە، بۆ نمونە لە سیستەمی زۆرینە ئەو لیستە داخراوە سەردەكەوێت لە پرۆسەی هەڵبژاردن كە زۆرینەی دەنگەكانی بەدەست هێناوە، بەڵام لە سیستەمی ڕێژەییدا هەر لیستێكی داخراوی قەوارەی سیاسی بە گوێرەی دەنگەكان كە بەدەستی هێناوە كورسی پەرلەمانی بەدەست دەهێنێت.

بە واتایەكی تر دەتوانین بڵێین دەنگدەر لەم جۆرە لیستەدا دەنگ دەدات بە تەواوی پاڵێوراوانی لیستێك بە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك لە ناو و ژمارەی پاڵێوراوان یان زنجیرەی ناوەكانی لیستەكەدا بكات. ( حەسەن، 2007، لا 25).

لە لیستی كراوەدا دەنگدەر بۆی هەیە لیستێكی تایبەت لەو پاڵێوراوانە دروست بكات كە لە سەرجەم لیستی پارتەكاندا هەڵیدەبژێرێت و دەیەوێت دەنگیان بداتێ، بە مەرجێك ژمارەی پاڵێوراوانی لیستەكەی زیاتر نەبێت لە ژمارەی ئەو كورسیانەی بۆ نوێنەرایەتی ئەو بازنەیە دیاریكراوە. ( حەسەن، 2007، لا 25)

پیادەکردنی ئەو جۆرە لیستە ئازادیەکی زۆر دەخاتە بەردەستی دەنگدەرەوە بۆ ئەوەی لە جیاتی قەوارەسیاسیەکان و بە ئارەزووی خۆی لیستێك دروست بکات و دەنگ بە نوێنەرە جیاوازەکان بدات لە لیستە جۆراوجۆرەکان، بەڵام لە ڕووی کردەییەوە ئەم لیستە ئالۆزی زۆری تێدایە بۆ دەنگدەر، چونکە دەنگدەر دەبێــت بۆ هەر قەوارەیەکی سیاسی دەنگ بدات وە بۆ هەر نوێنەرێکیش دەنگ بدات ئەمەش زۆر جار دەبێتە هۆی سەر لێشێواندنی دەنگدەر، سەرەڕای ئەوە کاتێکی زۆری دەوێت تاکو دەنگدەر لە کابینەی دەنگدان لیستێك دروست دەکات ئەمەش وا دەکات پرۆسەی هەڵبژاردن بە خاوی بەڕێوە بچێت، بۆیە ئەو دەوڵەتانەی پیادەی ئەم جۆرە لیستە دەکەن ژمارەکەیان بەرەو کەمبونەوە ڕۆیشتوە.

هەرچی لیستی نیمچەکراوەیە دەنگدەر تەنها یەکێك لە لیستی پاڵێوراوان هەڵدەبژێرێت وەك شێوەی لیستی داخراو، بەڵام دەتوانێت زنجیرەی ناوی پاڵێوراوانی ئەو لیستە بگۆڕێت کە دەنگی پیٚ دەدات، واتە بۆی نیە ناوی نویٚ بۆ لیستەکە دابنێت یان ناوی لیٚ بگۆڕێت، بەڵام دەتوانێت ڕیزبەندی ناوەکان بگۆڕێت( چواس حەسەن، 2007، لا 25).

لێرەدا دەنگدەر سەرەڕای هەڵبژاردنی ئەو قەوارە سیاسیەی کە خۆی دەیەوێت دەنگی پێبدات دەتوانێت دەنگ بە کاندیدێك لە کاندیدەکان بدات، بەڵام پرسی هەڵبژاردنی کاندید پرسێکی ئارەزوومەندانەیە، واتە دەنگدەر دەتوانێت دەنگ تەنها بە قەوارە سیاسیەکە بدات، لێرەدا لە هەڵبژاردنی قەوارە سیاسیەکە لە لیستی داخراو دەچێت، چونکە دەنگی دەنگدەر ڕاستەوخۆ بۆ هیچ کاندیدێك نەڕۆیشتوە بەڵکو تەنها بۆ قەوارەی سیاسی ڕۆیشتوە.

## داواکاری دووەم

## کاریگەری سیستەمەکان و بازنەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن لەسەر دیاریکردنی کاندید

ئێمە کاریگەری سیستەمەکان و بازنەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن لەسەر دیاریکرددنی کاندید بە شێوەی ڕاستەوخۆ وە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەبینین، لە سیستەمەکانی هەڵبژاردن ئەمڕۆ لە وڵاتانی جیهان زیاتر سیستەمی زۆرینە و سیستەمی ڕێژەی پیادە دەکرێت دواتر سیستەمی تێکەڵاو، بۆ نمونە ( 79) وڵات سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی بەکاردێنن، ( 53) وڵات سیستەمی زۆرینەی براوەی یەکەم بەکاردێنن، وە (31) وڵات سیستەمی تێکەڵاوی هاوتەریب بەکاردێنن. ( جمال أ و محمد، د. 2014، لا 102)، وە دەمانەوێت ئەو کاریگەرییە بە جیا پیشان بدەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

### لقی یەکەم: کاریگەری سیستەمی زۆرینە و جۆرەکانی لەسەر دیاریکردنی کاندید

کە باس لە کاریگەری سیستەمەکانی هەڵبژاردن و بازنەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن دەکەین ناتوانین بە ئاسانی بە جیا قسەیان لەسەر بکەین، چونکە لای هەموومان ڕوونە کە پەیوەندیەکی زۆر بە تین لە نێوان سیستەمەکانی هەڵبژاردن و بازنەکانی هەڵبژاردن هەیە، لەم سەردەمەدا هەروەك پێشتر باسمان کرد زۆربەی وڵاتان هەرێمەکانیان بەسەر چەندین بازنەی هەڵبژاردن دابەشکردووە و پیادەی لیستی نیمچە کراوە دەکەن.

بۆیە لە سیستەمی زۆرینەی براوەی یەکەمدا کاتیٚ وڵات بەسەر چەندین بازنەی هەڵبژاردن دابەشدەکرێت و کەسایەتی کاندید ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت سەرەڕای ڕۆڵی قەوارە سیاسیەکە کە کاندیدەکەی پێشنیار کردووە، چونکە کام کاندید زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت کورسی دانراو لە بازنەی هەڵبژاردن بەدەست دەهێنێت، ئیتر ژمارە و ڕێژەی دەنگەکانی هەرچەندێك بێت، کە ڕەنگە هەندێك جار نەگاتە دەیەکی دەنگدەران، ئەم سیستەمە لە دیموکراسیە دێرینەکانی وەك بەریتانیا، وڵاتە یەکگرتوەکان، کەنەدا پەیرەو دەکرێت. لەم سیتەمەدا دەنگی فەوتاو زۆردەبێت چونکە لەوانەیە کاندیدێك بە (25٪) دەنگەکان ببێتە خاوەنی یەك کورسی.( جمال أ و محمد، د. 2014، لا 15)

لە سیستەمی زۆرینەی سادەی دوو خولی کەسایەتی کاندید کاریگەری لە نمونەی سەرەوە زیاتر دەبێت، چونکە ئەگەر یەك لە کاندیدەکان زۆرینەی ڕەهای بەدەست نەهێنا، ئەوا خولی دووەمی هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت لە نێوان ئەو دوو کاندیدەی زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە. بۆ نمونە ماڵپەری فرانس 24 (2019) بلاوی کردۆتەوە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئۆکرانیا کە لە ( 2019/4/21) ئەنجامدرا ، بەرێز ( فولودیمیر زیلینسکی) توانی سەربکەوێت وە پێشتر وەك کەسایەتیەکی سیاسی ڕۆڵی نەبینیوە بەڵام کەسایەتیەکەی لە بواری هونەری وایکرد ببێتە جێگەی متمانەی دەنگی زۆرینەی دەنگدەران.

لە سیستەمی زۆرینەی دەنگدانی قەوارەی پارتی سیاسی کەسایەتی کاندید وەك دوو نمونەی سەرەوە ڕاستەخۆ ڕۆڵ نابینێت، چونکە

لەم جۆرەیان دەنگدەر تەنها دەنگ بە لیستی قەوارەی سیاسی دەدات و دەنگ بە کاندید نادات، لەم جۆرەیاندا بۆ هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن چەند کورسیەك دانراوە، ئەو قەوارە سیاسیەی زۆرترین دەنگی دەنگدەرانی بەدەستهێنا دەتوانێت ببێتە خاوەنی سەرجەم کورسیەکانی بازنەی هەڵبژاردن، ئەم سیستەمە لە چەند وڵاتێك پیادە دەکرێت وەك سەنگافورە، جیبۆتی، تونس بەر لە شۆرشی بەهاری عەرەبی 2011 . ( اسماعيل، 2009، 365).

( أشياغبور2009، 21) پێی وایە لەو بازنانەی هەڵبژاردن کە ژمارەیەکی زۆری دەنگدەری تیایە لە چینێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری دیاریکراو، دەبێت پارتەکان کار لەسەر ئەوە بکەن کاندیدانێك دیاری بکەن کە توانای پەیوەندیکردنی هەبێت بە زۆرترین دەنگدەر، لە بەریتانیا لەو بازنانەی ژمارەیەکی زۆری جوتیار و کرێکارەکان لێی نیشتەجێن نابێت ئەو کەسانە کاندید بکرێن کە خاوەنی موڵکی زۆرن چونکە هاوکێشەکە پێچەوانەیە، وە زیاتر لەو شوێنانە تیشك دەخرێتە سەر ئەو کاندیدانەی کە دانیشتوو یاخود خەڵکی شوێنەکەن، بەڵام ئەوە مەرج نیە لەسەر کوردستان جێبەجێبکرێت چونکە لە کوردستان بەهۆی ئەوەی لە زۆر شوێنەکان پێگەی عەشایەری رۆڵ دەبینێ بۆیە لەکاتی کاندیدکردنی یەکێك لە بنەماڵەی شێخ یاخود ئاغای هەرێمەکە دەکرێت سود لەسەرجەم ئەو دەنگانە وەربگریت کە ئینتمای بۆ ئەو خانەوادەیە دەردەبڕن.

## لقی دووەم: کاریگەری سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەی و لیستەکانی هەڵبژاردن و کاریگەری لەسەر دیاریکردنی کاندید

لە خاسیەتە جیاکەرەوەکانی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەی ئەوەیە کە لە بازنەی فرە کورسیدا پیادە دەکرێت، واتە نابێت بازنەی هەلبژاردن لە یەك کورسی پێك هاتبێت بە پێچەوانەی سیستەمی زۆرینە کە رێگەی بەمە دەدا، هەروەها لەم سیستەمەدا زیاتر پشت بە لیستی فرە پاڵێوراوی دەبەستێت و حاڵەتی باو ئەوەیە کە نابێت کۆی ژماری پاڵێوراوەکانی ناو هەر لیستێك لە کۆی کورسیەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکە زیاتر بێت بەڵام هەندێ جار ژمارەی پاڵێوراوەکان زیاتر دەبێت و بۆ دوو ئەوەندەی ژمارەی کورسیەکان دەچێت، وە دەنگدان لەم سیستەمەدا بە یەك خول تەواو دەبێت و خولی دووەمی نیە، وە هەر پارتێك بە شێوەی نزیکەی بە ئەندازەی رێژەی دەنگەکانی کورسی بەر دەکەوێت. جمال أ و محمد، د. 2014، لا 29)

ماڵپەری ئەسێ (2019) ئاماژەی بەوەکردووە کە لەم سیستەمەدا دەبێت رەچاوی ئەوە بکرێت کاندید لەسەرجەم پێکهاتە جۆراوجۆرەکان و ناوچە جیاوازەکانەوە دابنرێت بە مەبەستی راکێشانی دەنگ لە لای سەرجەم پێکهاتە و ناوچە جوگرافیە جیاوازەکان. هەروەها بازنەکانی هەڵبژاردن رۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە ئەنجامەکانی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەی وە ئەو شێوازەی پارتەکان بەکاری دەهێنن بۆ دروستکردنی لیستەکانی هەلبژاردن وە قەبارە و ناوەرۆکی رێکەوتنەکان. وە هەمان کاریگەری دەربارەی سنوری نوێنەرایەتی رێژەی بە شێوەیەك هەرچەند رێژەی کاندیدەکان زیاتربێت رادەی نوێنەرایەتی بەرتەسك تر دەبێتەوە لە بازنەکانی هەڵبژاردن، وە هەرچەندە سیستەمی هەڵبژاردن گونجاو بێت ئەوە زیاتر دەرفەت دەرەخسێنرێت بۆ پارتە بچوکەکان و نەتەوە بچوکەکان بۆ بەدەستهێنانی کورسی. هەروەها ئەم لیستە کاریگەری دەبێت لەسەر پارتە سیاسیەکان بۆ ئەوەی بەرنامەی هەڵبژاردن بە جۆرێك دابرێژن زۆرترین پرۆژەی خزمەتگوزاری لەخۆبگرێت کە دەکرێت جێبەجێبکرێن ( الغانمي، ، 308)

لە سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەی لیستەکانی داخراو، نیمچە کراوە، کراوەی تەواو بەکاردێن، لە لیستی داخراودا کاندیدەکان بە رێزبەندی لە لایەن سەرکردایەتی قەوارە سیاسیەکانەوە دیاریدەکرێن و رەوانەی لایەنی سەرپەرشتیاری پرۆسەی هەلبژاردن دەکرێن بە مەبەستی پەسەندکردنی، لێرەدا دەنگدەر تەنها دەنگ بە قەوارەی سیاسی دەدات، بۆیە هەڵبژاردنی کاندید بە ئارەزووی دەنگدەر نیە بەڵکو بە ئارەزووی سەرکردایەتی قەوارە سیاسیەکانەوەیە، لەبەر ئەوە پەیوەندی دەنگدەر لەگەل کاندید پەیوەندییەکی راستەوخۆ وە لە نزیکەوە نیە، وە کاندیدە دەرچووەکانیش زۆر پەرۆش نین بەرامبەر هەلوێستی دەنگدەر و داواکارییەکانیان، لە لیستی داخراودا تیشك ناخرێتە سەر کەسایەتی کاندید، راستە قەوارە سیاسیەکان هەوڵدەدەن کاندیدی بەهێز دابنێن، بەڵام بەهۆی راستەوخۆ سودمەندنەبونی کاندید لە لایەن دەنگدەرەوە کەسایەتی کاندید بەلای دەنگدەرەوە زۆر جێگەی بایەخ نیە بەڵکو قەوارە سیاسیەکە بەلای دەنگدەرەوە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانە. (جمال أ و محمد، د. 2014، لا 31)

لە سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەی لیستی نیمچە کراوە کەسایەتی کاندید رۆڵی هەرە گرنگ دەبینێت، چونکە دەنگدەر دەتوانێت جگە لە هەڵبژاردنی قەوراەی سیاسی دەنگ بە کاندید بدات، وە دەنگدەر لەو جۆرە لیستەدا دەتوانێت دەستکاری ئەو رێزبەندییەی کاندیدەکان بکات

که سەرکردایەتی قەوارە سیاسیەکان دیاریان کردووە، بۆیە پەیوەندی دەنگدەر لێرەدا لەگەل کاندید پەیوەندییەکی راستەوخۆی نزیکە، لێرەدا دەنگدەر لەسەر بنەمای چەندین پێوەر کاندیدەکان هەڵدەبژێرن وەك بنەمای نەتەوەی، لێهاتوی و پسپۆری، ناوچەگەریتی، خزمایەتی. ئەم جۆرە لیستە لە لایەك وا لە قەوارە سیاسیەکان دەکات هەوڵبدەن کەسانی خاوەن بڕوانامە و لێهاتوو لە ڕیزبەندی لیستەکان دابنێن بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا هەر یەك لە کاندیدەکانی دەرچووی لیستەکە بتوانێت سودمەند بێت لێیانەوە، بەلام لە هەمان کاتدا زۆر جار قەوارە سیاسیەکان دەکەونە ژێر کاریگەری پرۆسەی کۆکردنەوەی دەنگ لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەو کەسانەی خاوەن پێگەی کۆمەلایەتی و عەشایەرین بەبێ گوێدانە لایەنی لێهاتوی پسپۆری کاندید، ئەم بارە سەرەنجام کوتلەیەکی لاوازی لە ئەنجومەنەکانی نوێنەران لێ بەرهەم دێت. لە راستیدا گرنگە بۆ دیاریکردنی کاندید ڕەچاوی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و ڕەگەزیی و ناوچەی و پێکهاتە کۆمەلایەتیەکان بکرێت، بەلام بۆ ڕزگاربوون لە ئەنجامی خراپی ڕوحی عەشیرەتگەری و ناوچەگەریتی دەبێت بە دوای کاندیدی دەستەبژێری بگەڕێین لە نێوان پێکهاتە کۆمەلایەتیە جیاوازەکان، لەم بارەدا لە لایەك ڕەچاوی داواکاری پێکهاتە کۆمەلایەتیەکانی کۆمەڵگا دەکرێت و کاندیدەکانیش کەمتر کار لەسەر ڕوحی عەشیرەتگەری و ناوچەگەریتی دەکەن وە لەوانەیە دووربکەونەوە لەو هەڵس و کەوتە ناشارستانیە، لە لایەکی تر ئەنجومەنەکانیش سود مەنددەبن لە کەسانی شارەزا و خاوەن کەسایەتی و بە ئەزمون، لە ئەنجامدا کۆمەڵگا بە گشتی سودمەند دەبێت چونکە لە بەرژەوەندی گشتی دەبێت.

کەچی لە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی لیستی کراوەی تەواو کە دەنگدەر بە گوێرەی ژمارەی کورسیەکانی بازنەی هەڵبژاردن کاندیدەکان هەڵدەبژێرن و ئازادیەکی تەواویان هەیە لە دروستکردنی لیستێکی نوێ، لێرەدا کەسایەتی کاندید ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەبینێت چونکە دەنگدەرەکان دەنگ بە قەورەای سیاسی نادەن بەڵکو تەنها دەنگ بە کاندیدەکان دەدەن لە لیستە جۆراوجۆرەکان، لێرەدا دەنگدەر بژاردەیەکی زۆری لەبەر دەستدایە ئەمە لە لایەك لە لایەکی تر پیادەکردنی ئەم جۆرە لیستە دەبێتە هۆی ئەوەی ئالۆزی لە پرۆسەی دەنگدان دروست بکات و وە بە هێواشی بەڕێوەبچێت، چونکە لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن دەنگدەر پێویستی بە کاتێکی تەواوە بۆ دروستکردنی لیستێکی تایبەت بە خۆی بە گوێرەی ویستی خۆی.

ئەوەی دەمێنێتەوە بریتیە لە سیستەمی هەڵبژاردنی تێکەلاو، بەلام بەهۆی کەمی پیادەکردنی و بونی سنورێکی دیاریکراوی توێژینەوەکەمان نامانەوێت لەسەری بدوێین، بۆیە بەو ئەندازەیە کۆتای دێنین.

## داواکاری سێیەم

### ئەزمونی ولاتان لە پێوەرەکانی دیاریکردنی کاندید

لێرەدا هەوڵدەدەین ئەزمونی چەند ولاتێك باس بکەین لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەر یەکێك لەو ولاتانە بە درێژای مێژووی پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەوڵەمەندن بە ئەزمونی دیاریکردنی کاندیدەکان، بۆیە ئەم پرۆسەیە لە ولاتێك بۆ ولاتێکی تر جیاوازی دەبێت، بۆ نمونە ئەگەر بەلجیکا وەربگرین لە سەرەتادا دەبینین چەندین دەیە بەر لە ئەمرۆ وە تاکو ئێستا هەندێ لە پێوەرەکانی پارتی ئیشتراکی لەو ولاتە بۆ پالێوراو بریتیی بون لە:

1- دەبێت (5) پێنج سال تێپەربوبێت بەسەر هاتنە ریزی لە حزب.

2- دەبێت ئابونەی سالانەی بە بەردەوامی دابێت.

3- دبێت بە نوسین بەشداری لە بلاوکراوەکانی حزب کردبێت.

4- مندالەکانی لە قوتابخانەکانی ولات بخوێنن ( حکومی).

5- دەبێت خێزانی پالێوراو مندالەکانی بەشداریان کردبێت لەو چالاکیانەی حزب ڕێکی خستون وە ڕێکیان دەخات.

بەلام ئەگەر ولاتی تایوان وەربگرین وەك نمونەیەکی تر، دەبینین پارتی پێشکەوتن لەو ولاتە ئەم دوو مەرجە بە پێویست دەبینن:

1- دوو سال بەسەر ئەندامێتی لە حزب تێپەڕ بوبێت.

2- پابەند بوبێت بە پێدانی ئابونەی حزبی.

بەلام هەندێ جار ئەم مەرجانە کێشە دروست دەکات بۆ پارتەکان بەمەبەستی دیاریکردنی کاندید، چونکە ئەگەر جێبەجێبکرێن لەوانەیە پارتەکان نەتوانن کۆمەلە کەسانێك کە توانا و پسپۆرییەکی باشیان هەیە وە سەرکەوتنی بەرچاویان لە دەرەوەی ڕێکخستنی پارتەکان بەدەست هێناوە دیاری بکەن، بەلام ئەو مەرجانەیان تیا نیە کە پارتەکان دایان ناوە، وە یاخود هەندێ جار پارتەکان دەیانەوێت لیستی پالێوراوەکان جۆراوجۆربێت لە ڕووی ڕەگەز، گەنج، نوێنەری پێکهاتەکان، یاخود

کەسێکی سیاسەتمەدار هەیە خۆشەویست لە نێو جەماوەر، یاخود کەسێکی سەرکەوتوی سەربازی هەیە ڕێساکان ڕێگەیان پێنەداوە ئەندامی پارت بێت بۆیە هەندێ جار پارتەکان ناچار دەبن پابەند نەبن بەو پێوەرانە بۆ هەمەرەنگکردنی لیستی پاڵێوراوان، بە نمونە لە مەکسیك پارتی شۆڕشگێڕی دیموکراتی وڵات ئەنجومەنی نیشتمانی پارت (20٪) پاڵێوراو لە دەرەوەی پێوەرەکانی خۆی دادەنێت وە هەندێ جار ڕێژەکە بەرز دەکاتەوە ئەگەر (2/3 ) ئەندامانی سەرکردایەتی ڕەزامەندی لەسەر بنوێنن، وە ئەو پارتە دوو جۆری پێوەر دادەنێت جۆرێکی پێوەر بۆ پاڵێوراوانی ناو حزب وە جۆری دووەمیان بۆ پاڵێوراوانی دەرەوەی حزب. ( أشياغبور 2009، 18)

پارتی نیشتمانی نوێ لە وڵاتی غانا بۆ ئەوانەی ئارەزوو دەکەن بپاڵێورێن بۆ ئەنجومەنەکانی یاسادانان چەند مەرجێکی داناوە لەوانە: دەبێت بەلایەنی کەمەوە دووساڵ بەسەر ئەندامێتی چالاك و ناسراوی تێپەربوبێت، وە ناویان تۆمار کرابێت لەو بازنەی هەڵبژاردنە کە ئارەزوو دەکەن خۆیان تێیدا بپاڵێون، وە دەبێت ناوبانگی باش بێت و خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز بێت، هەروەها دەبێت ئابونەی حزبی بە تەواوی دابێت، بێگومان دەبێت لێهاتوی یاسای تێدا فەراهەم بێت. ( أشياغبور 2009، 17)

پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی لە باشوری ئەفریقیا کۆمەڵێك بنەمای تایبەتی ئاراستەکراوی هەیە دەربارەی ئامادەکردنی لیستی نوێنەرایەتی بۆ ئەنجومەنە نوێنەرایەتیەکان لەوانە: شارەزای یاخود معرفەی هەبێت بە شێوەیەك کاریگەر بێت لەسەر زیادکردنی ڕێژەی چالاکی بەرز لە بواری کاری یاسادانان، ڕابردووی پاك بێـت و تاوانی ئەنجام نەدابێت ( جگە لە تاوانی سیاسی ئەنجام دراو بەر لە نیسانی 1994)، ڕابردووی پاك بێـت و تێوەنەگلابێت لە گەندەڵیەوە، بەشدارینەکردبێت لە تەکەتولات و پێشێلکردنی بنەما سەرەکیەکانی پارت.

لە بەریتانیا، پارتی کرێکاران لە ڕێگەی لیژنەی پەرلەمانی حزب فۆڕمێکی بۆ کاندیدەکان ئامادە دەکرد کە بە گوێرەیەوە داوای زانیاری لە کاندید دەکرا کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە بینخەینەروو: ( أشياغبور 2009، 17)

1- الخبرة: ئەزمونی لە کاروباری حزب هەبوە؟ وە پابەند بوە بەرامبەر بە حزب .

2- المعارف: تا چەند کاندید ئاگادارە لە چوارچێوەی سیاسەتی پارتەکەی وە تا چەند تێگەیشتنی بۆ سیاسەتی گشتی هەیە؟

3- خبرات اخری في الحياة: ئایا کاندید لە بواری تر وەك کاری پەرلەمانی ئەزمونی هەیە، بۆ نمونە لە ڕابردوو لە چالاکی پەرلەمانی وەك ئامادەکاری پرۆژەی یاسا کاری کردووە؟ دەکرێت زانیاری دەربارەی چالاکیەکانی ڕابردووی لە بوارەکانی خۆبەخشی، خزمەتگوزاری گشتی، ئامادەبونی لەسەر ئاستی وڵات و هەرێمی و نێودەولەتی لە کۆنفرانسەکان.

4- مهارات التواصل: ئایا کاندید توانای پەیوەندییەکی کاریگەری هەیە لە ڕێگەی وتاربێژییەوە بە شێوەی زارەکی یاخود بە پشت بەستن بە وتاری نوسراو؟ ئایا توانای ئامادەکردن و خستنەڕووی توێژینەوە، ئەنجامدانی وتاردان، دانوستان، نوسینی ڕاپۆرتی ئەکادیمی هەیە؟

5- مهارات تنظيم الحملات وتطوير الحزب: ئایا کاندید توانای پلاندانان و جێبەجێکردنی هەڵمەتی جۆراوجۆری هەیە، وە ئایا شارەزای هەیە دەربارەی ئامرازەکانی ڕێکخستنی هەڵمەتە جۆراوجۆرەکان، وە ئایا تێگەیشتن وە ئامادەکاری تەواوی هەیە بۆ بەشداریکردن لە ئامرازە جیاوازەکانی گەیاندنی پەیامی بە ئامانج؟

6- المهارات التمثيلية والخاصة بحل المشاكل: ئایا کاندید توانای نوێنەرایەتی کردنی هەیە وە کێشەکان لە خۆدەگرێت بەشێوەیەك هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات؟

7- المهارات الشخصية والعمل الفريقي وإقامة الروابط: تا چەند توانای کارکردنی بە کۆمەڵی هەیە لەگەل تاکەکانی کۆمەڵگا وە تا چەند ڕۆڵی بینیوە لە بەشداریکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نێودەولەتی بە تایبەتی بۆ کاری هەرەوەزی خۆبەخشی .

8- ئەو هۆکارنە چین هانی کاندیدیان داوە بۆ خۆ کاندید کردن.

لە نەرویج بە گوێرەی یاسای ناونانی پاڵێوراوان کە لە ساڵی (1920) دەرچووە وە تا ساڵی (2002) کاری پێدەکرا، بۆ پارتە سیاسیەکان هەبوو تەمویلی گشتی بۆ رومالکردنی تێچوی خۆپالاوتن وەربگرن، ئەوەش لە کاتی بونی هەندێ پێوەر کە دیاریکراوە، ئامانجی کۆبونەوەکانی ناونانی

پالێوراوان کە لە نوێنەری هەموو یەکە خۆجێیەکان پێك دێت لە بازنە هەلبژاردنەکان دیاریکردنی پالێوراوانە و وەرگرتنی بریارە لەبارەی ئەو پۆستەی کە وەری دەگرن، سەبارەت بەو بریارانەش کە لە کۆبونەوەی ناونان دەردەچێت، پێویستە بریارێکی کۆتای بێت، جگە لەوەش تەنها بۆ ئەندامانی پارت هەیە ئەوانەی گەیشتونەتە تەمەنی دەنگدان، هەموو مەرجەکانی پارتییات جێبەجێکردووە بەشداری لە کۆنگرەی حیزبی و کۆبونەوە خۆجێیەکاندا بکەن، کە هەلدەستن بە دیاریکردنی نوێنەری بۆ کۆنگرەی حیزبی، سەرجەم پارتە نەرویجیەکانیش ئەو رێکارانە دەگرنە بەر کە لە یاساکە دەقی لەبارەیەوە هاتوە، جگە لە پرۆسەی دیاریکردنی ( پالێوراوانی ئۆسلۆ ) و ( ئەکرشۆش) نەبێت، لەو دوو شارەدا حیزبەکان ئامادەکاریان تێدایە دەست بەرداری یارمەتی دارای گشتی بن، لە پێناوی ئەوەی گەورە بەرپرسانی حیزب پارێزگاری لە دیاریکردنی پالێوراوانی حیزبدا بکەن( أشياغبور 2009، 8).

لێرەدا پێشنیارێك دێتە پێشەوە دەربارەی هەرێمی کوردستان، ئەویش ئەوەیە لایەنی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردن هەڵبستێت بە بەرێوەبردنی هەڵبژاردنی کاندید بۆ پەرلەمانی کوردستان، واتە دوو ساڵ بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست بکرێت بەو پرۆسەیە، بۆ نمونە ئەگەر هەلبژاردن لە 2022/8/16 ئەنجام بدرێت لە 2020/8/16 بۆ 2021/8/16 ئەم پرۆسەیە تەواو بکرێت:

1- کوردستان دابەش بکرێت بەسەر چەندین بازنەی هەڵبژاردن

2- بۆ هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن پارتەکان دوو بە ئەندازەی ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانی کوردستان کاندید لەسەر پسولەی دەنگدان دروست بکەن.

3- تێچونی پسولەی دەنگدان و کارمەندانی رۆژی هەڵبژاردن لە ئەستۆی پارتە سیاسیەکان بێت هەریەکە بە گوێرەی ژمارەی کاندیدانی خۆی.

4- کۆمسیۆنی هەڵبژاردن تەنها پرۆسەی رۆژی هەڵبژاردن و هەژمێر و لێك جیاکردنەوەی دەنگەکان و راگەیاندنی بۆ بکات.

5- پارتە سیاسیەکان ئەندامانی خۆیان بنێرن بۆ هەڵبژاردنی کاندیدانی خۆیان .

6- هەر پارتێکی سیاسی تۆماری دەنگدەرانی خۆی بۆ سنوری بازنەی هەڵبژاردن ئامادە بکات و رادەستی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی بکات بۆ پەسەند کردن.

باشیەکانی ئەم پرۆسەیە:

1- زۆر گونجاوە لەگەل دیموکراسی بەهۆی بەشداری پێکردنی ژمارەیەکی زۆری دەنگدەر.

2- کاریگەری دەبێت لەسەر بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی هاوڵاتیان.

3- دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی رێژەی بەشداری کردنی دەنگدەران.

## کۆتایی

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە چەند دەرەنجام و پێشنیارێك، بەم شێوەیەی خوارەوە دەیخەینە روو:

**یەکەم: ئەنجامەکان:**

1- نەبونی سیستەمێکی رێکخراو کە پێوەری کاندیدکردن و دامەزراوەی پەیوەست پێشنیارکردن و پەسەندکردنی کاندیدەکان لە خۆ بگرێت لە ناو پارتە سیاسیەکانی کوردستان بۆ هەڵبژاردن.

2- کەمی یاخود لاوازی دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و گرنگی پێنەدانیان لە لایەن پارتە سیاسیەکان.

3- نەبونی هۆشیاری پێویست لە لایەن دەنگدەران و لایەنگرانی قەوارە سیاسیەکان بۆ هەڵبژاردنی کاندیدی خاوەن پسپۆری تايبەت کە پەرلەمان سودی لێدەبینێت.

4- دانانی کاندیدەکان تاکو ئێستا لەسەر بنەمای ناوچەگەرێتی و عەشیرەتگەری و بنەمای تری کلاسیکی کە کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی سیاسی و رۆڵی پەرلەمان کردووە.

5- دابەزینی جۆرایەتی پەرلەمانی کوردستان لە رووی ئەندامێتی ئەندامەکانیەوە بەهۆی تێپەرنەبونی ئەندامەکانی لە قۆناغی کاندیدکردنیان بە پالاوتنەکانی زانستی.

6- تیشك نەخستنە سەر پسپۆریە جۆراوجۆرەکان لە لایەن پارتە سیاسیەکان لەکاتی کاندیدکردنیان یاخود لەکاتی پرۆسەی بانگەشە بۆ دەرچونیان، بۆ نمونە یەکێك لە

گرفتەکانی پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان نەبونی پسپۆری پزیشکیە کە لایەنێکی زۆر هەستیار و گرنگی هاولاتیان و کۆمەڵگاکانن.

7- قەوارە سیاسیەکان بەهۆی سوربون لەسەر پێشکەشکردنی کاندیدی نویێ لە ترسی نەهێنانی دەنگ زۆر گرنگی بە ئەندام پەرلەمانەکانی پێشوتر نادەن بۆ دووبارە کاندیدکردنەوەیان، لە کاتێکدا پێویستە قەوارە سیاسیەکان بە تایبەت ئەوانەی ژمارەی بەرچاوی کورسی بەدەست دێنن تیشك بخەنە سەر کاندیدکردنی هەندێ ئەندام پەرلەمانی پێشوتر بەهۆی هەبونی ئەزمون لایان.

**دووەم: پێشنارەکان:**

1- تیشك خستنە سەر کادیرانی پارتە سیاسیەکان و گرنگی پێدانیان بۆ کاندیدکردن، لە هەمانکاتدا کەسایەتیەکانی تری وەك مامۆستایانی ئاینی و هونەرمەندان و وەرزشوانان .... لەبەرچاوبگیرێت.

2- هەمموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) لە مەرجەکانی کاندیدبون بە شێوەیەك بروانامە بکرێتە ئامادەی و تەمەن بکرێتە (30)سی ساڵ.

3- وەك پێوەر بۆ کاندید بون بە پێویست دەزانین ئەم پێوەرانە لەبەرچاوبگیرێت ( پلەی حزبی، ئەزمون و لێزانی سیاسی وکارامەی رۆشنبیری، لێهاتوی، بروانامە، بەرزی رەوشت و ناوبانگ، هەڵکەوتەی جوگرافی، تەمەن، بەرنامەی کاندید، دلسۆزی بۆ حزب، پێگەی کۆمەڵایەتی.

4- دامەزراوەکانی پەیوەست بە پێشنیارکردن و پەسەندکردنی کاندیدەکان بە گوێرەی ئەم قۆناغانەی خوارەوە کاندید دیاریی بکەن:

قۆناغی یەکەم: دیاریکردنی کاندید

ساڵێك بەر لە وادەی هەڵبژاردن بە پشت بەستن بەو پێوەرانەی دیاریکراون ئەنجومەنە باڵاکان لە رێگەی دامەزراوەی سەرەکی هەڵبژاردنی حزب پێویستە ژمارەی کاندیدەکان ( زۆرینەیان) بەسەر شار و شارۆچکەکان دابەش بکات بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان و دەنگەکانیان وە لە ماوەیەکی دیاریکراو دەبێت کاندیدەکان بەرزبکرێنەوە لە لایەن دامەزراوە یاخود ئەنجومەنەکانی حزبی لە شارو شارۆچکەکان.

دیاریکردنی کاندیدەکان دەبێـت بە هەڵبژاردن بێت، هەڵبژاردنی کاندید لە لایەن ئەنجومەنی دامەزراوەکانی حزبی شار یاخود شارۆچکەکان دەبێت یاخود لە لایەن ئەندامە دەنگدەرەکانی سنوری ئەو دامەزراوانە دەبێت.

قۆناغی دووەم: پەسەند کردنی کاندید

دوای ئەوەی ناوی کاندیدەکان بەرزکرانەوە ئەنجومەنە باڵاکان پێویستە سەیری ناوەکان بکەن، لە کاتی هەبونی هەر تێبینیەك دامەزراوەکانی حزبی خوارەوەی لیێ ئاگادار دەکەنەوە وە مافی ڤیتۆی دەبێت لەسەر کاندیدی هەر دامەزراوەیەك لە هەمان کاتدا مافی ئەوەیان هەبێت رێژەیەکی دیاریکراو لە کاندید پێشنیار بکەن، دوا بریار بگەرێتەوە بۆ سەرۆك و ئەنجومەنی باڵای پارتەکان.

قۆناغی سێیەم: تیرویشك

لەم قۆناعەدا لە رێگەی دامەزراوەی ناوەندی هەلبژاردنی پارتە سیاسیەکانەوە تیرویشك بۆ سەرجەم کاندیدان دەکرێت بەمەبەستی رێکخستنی ناوەکانیان لەو لیستەی بۆ کۆمسیۆنی هەلبژاردن رەوانە دەکرێت، وە تەنها دەکرێت سەرۆکی لیست لەم تیرویشکە جیابکرێـتەوە وەك کەسی یەکەمی لیست یاخود سەرۆك لیست دابنرێت.


**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: پەرتوك بە زمانی کوردی**

**1-** جمال، أ.و محەمەد، د. 2014، سیستەمەکانی هەلبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسی، پەیمانگای کوردی بۆ هەلبژاردن، سلێمانی.

**2-** حسن، چ. 2007، سیستەمەکانی هەلبژاردن و پێوەرەکانی هەلبژاردنێکی ئازاد و بێگەرد، هەولێر، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی( پ.د.ك).

3- عبدالله، خ. 2016. چوارچێوەی یاسای و دەستوری هەلبژاردن، هەولێر، چاپخانەی شهاب، چاپی یەکەم.

4- حسن، س. 2017، کورد و یەکەم ئەزمون، سلێمانی، کارۆ .

5- حەسەن، س. 2014، سیستەمەکانی هەلبژاردن و یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سلێمانی.

**دووەم: پەرتوك بە زمانی عەرەبی:**

6- حسن، أ. 2007، الطعون الانتخابية في الانتخابات التشريعية، الاسكندرية، مكتب الجامعي الحديث.

7- عبدالغفور، أ. (2019) دور المحاكم العليا في حل المنازعات الانتخابية النيابية، اطروحة دكتورا، جامعة صلاح الدين.

8- الغانمي، خ. نظم الانتخاب واحتساب الاصوات وأثرها في الانظمة الديمقراطية، مجلة أهل البيت العدد السابع عشر، ص 278–329 .

9- سكارو، س. 2005،الاحزاب السياسية والديمقراطية من الناحيتين النظرية والعملية، المعهد الديمقراطي الوطني للشؤون الدولية

10- أشياغور، س. 2009، الاحزاب السياسية والديمقراطية من الناحيتين النظرية والعملية، المعهد الديمقراطي الوطني للشؤون الدولية، لوبنان.

11- الشقاني، ع. 2005، مبدأ الاشراف القضائي على الاقتراع العام، الاسكندرية، جار الفكر الجامعي.

12- اسماعيل، ع. 2009، النظم الانتخابية، بيروت، زين الحقوقية .

13- وولاك، ك. و دوهرتى، إ. 2008، المعايير الدنيا لعمل الاحزاب السياسية الديمقراطي، المعهد الديمقراطي الوطني .

**سێیەم: توێژینەوە بە زمانی عەرەبی:**

14- جمال الدين، د. 2013، دراسة قانونية حول تقسيم الدوائر الانتخابية، مجلة الفقه والقانون، العدد الثامن، يونيو 2013 ، ص 216–226 .

**چوارەم: یاساکان**

15- کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی، 1969، یاسای سزادانی عێراق 111

16- پەرلەمانی کوردستان، 1992، یاسای هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 2 .

17- پەرلەمانی کوردستان، 2009، یاسای ژمارە 4 ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان.

18- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، 2013، یاسای هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، 45 .

**پێنجەم: پەیرەو و بریارەکان**

19- پەیرەوی ژمارە (7) ی ساڵی (2018) پەسەندکردنی لیستی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان –عێراق .

20- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، 2018،پەیرەوی ژمارە 2 ی تایبەت بە پەسەندکردنی پاڵێوراوان.

21- ئەنجومەنی کۆمیساران، 2018، بریاری ژمارە 22 .

**شەشەم: ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەکان**

22- ماڵپەری ئەلیکترۆنی www.ace.org ، مێژووی سەردانیکردن 2019/7/7 .

23- ماڵپەری ئەلیکترۆنی (AMP.FRANCE24.COM) مێژووی سەردانیکردن 2019/8/7 .

**Abstract**

**Standardas Identification of Candidates by Political parties …. Problems and Solution**

The issue of determining the candidate by political parties is one of the most important and sensitive issues related to the electoral process, but the parties did not pay much attention to this issue before, except that they took into account the conditions contained in the relevant implemented laws and instructions related to the nomination process, so political parties have not yet established a distinct system It is modern in the Kurdistan Region for parties to rely on to select their candidate according to this system and to benefit from it in winning the votes of voters on the one hand and have a positive impact on the legislative institution in terms of membership on the other hand. To achieve this purpose, parties must rely on a set of other criteria outside of legal conditions. parties must work to raise the level of voter culture in order to vote according to modern standards and to enable the voter to evaluate the candidate and support those who are able to serve the citizens and the region by gaining their trust. Therefore, the political parties in general in the region should carefully review the procedures of the nomination process in order to reach a solution to all the problems they face during the nomination and election stages.